# بۆ ئەوەی ببیتە سەرمەشقێکی چاك

[ بە کوردی ]

حتى تكون قدوة حسنة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : سەرباز حەمید کەرکوکی

الكاتب : سرباز حميد قادر

پێداچونەوەی : پشتیوان سابیر عزیز

المراجعة : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# بۆ ئەوەی ببیتەسەرمەشقێکی چاك

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی سەرمەشقە گەورەکانە، وەگەورەترین سەرمەشق لەئیسلامدا بریتین لەپێغەمبەران ـ علیه السلام ـ وەلەسەروی هەموبانەوەپێغەمبەری خۆشەویستمان موحەمەد صلی الله علیه وسلم، خوای گەورەدەفەرموێت: { لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ } [ سُورَةُ التَّوْبَةِ : 128 ] .. ، پاشان هاوڵەکانی ـ خوای گەورەلێیان رازی بێت ـ و، شوێنکەوتوانیان بەچاکە.

بۆچی سەرمەشقی چاك:

گرنگی بوونی سەرمەشقی چاك لەبەر ئەم چەند خاڵەیە:

یەکەم: پەیدا بوونی زۆرێك لەسەرمەشقی خراپ؛وەئەم دیاردەیەروون و ئاشکرایەلەواقیعدا، ئەگەر تەماشای وەزعی گەنجان بکەین دەبینین کەوا هەندێکیان یارچێکیان کردوەبەسەرمەشقی خۆیان، وەهەندێ تریان گۆرانی بێژێکیان کردوەبەسەرمەشقی خۆیان...

بەڵام ئێمەی موسڵمان ئەبێ بزانین کێ سەرمەشقمانەو، هەوڵی ئەوەبدەین کەسەرمەشقی چاك پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانن سەرکردایەتی کۆمەڵگەبکەن .

دووەم: سەرمەشقیچاككەخاوەن ڕەوشتی جوانە، قەناعەت بەبەرامبەری خۆی ئەبەخشێت بۆ ئەوەی ڕەوشتی بەدەسبهێنێت.

سییەم: ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی جیاوازە، بەڵام یەکسانن لەبینینی بەرامبەر بەچاو.

تایبەتمەندیەکانی سەرمەشقی چاك:

یەکەم: نیاز پاکی: دەبێت مەبەستی موسڵمان لەئەنجامدانی قسەو کردوەتەنها خوای گەورەبێت و، بگات بەماڵی ڕێزداری.

دووەم: کردەوەی چاك بەپێی مەنهەجی شوێنکەوتن: ئەو کەسەنابێتەسەرمەشقێکی چاك کەوا کردەوەکانی بەپێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایەی الله علیه وسلم، وەئەو کەسەی بیدعەدەکات لەئاینی خوانابێتەسەرمەشقی چاك ، وەهەروەها ئەو کەسەی بەئاشکرا تاوان ئەنجام ئەدات نابێتەسەرمەشقی چاك.

سییەم: ئاخاوتن و کردوەوەکو یەك بن: ئەو کەسەی کردەوەکانی بەپێچەوانەی ئاخاوتنیەتی هەرگیز نابێتەسەرمەشقی چاك، خوای گەورەدەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ }الصف2 .

چوارەم: هیمەت بەرزی: سەرمەشقی چاك دەبێت ئەم خاڵەی تێدا بێت، دەبێت هیمەتی بەرزت بێت لەئەنجامدانی بەرەستشدا و، هیمەتی بەرز بێت لەوەڕگرتنی زانستی شەرعیدا و، هیمەتی بەرز بێت لەبانگەوازکردندا ...

پێنجەم: خۆ ڕازاندنەوەبەڕەوشتی جوان: سەرمەشقی چاك دەبێت ڕەوشتی بەرزی هەبێت، وەکو ڕەوشتی بەزەیی و خۆڕاگری و ڕاستگۆیی و زیرەکی و لێزانین و دادپەروەری ...

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورەبمان کاتەسەرمەشقێکی چاك لەدونیادا.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوە:بە دەسکاریەوە تەماشای وتاری دکتۆر/ موحەمەد عەدنان السمان بکە
لە ژێر ناونیشانی ( حتى تكون قدوة حسنة ) لە ماڵپەری
http://saaid.net/aldawah/410.htm